ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

شیکردنەوەی Norton WinDoctor 2005.

نووسەر: :@

Norton WinDoctor ئامرازێکە لە کۆمەڵە ئامرازەکانی Norton Utilities کە ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان بەشێکن لە کۆمەڵە پرۆگرامی Norton System Works.

Norton System Works کۆمەڵە پرۆگرامێکی چاک و بەسوودی لە خۆ گرتووە بۆ چاککردنی کارکردنی کۆمپیوتەر لە زۆربەی بوارەکاندا. من لەم بابەتەدا هەوڵ ئەدەم ئامراز یان پرۆگرامی Norton WinDoctor شیبکەمەوە.

کاری Norton WinDoctor چیە؟

Norton WinDoctor پرۆگرامێک یان ئامرازێکە کە دەتوانێ هەڵەکانی ویندۆز چاک بکاتەوە بە شێوەیەک کە زانیاری پێویست پیشان بدات سەبارەت بە هەڵەکان و خۆشی بەشێوەیەکی خۆرایی چاکیان دەکاتەوە.

ئەگەر پرۆگرەمەکت نیە دەتوانی سەردانێکی ئێرە بکەیت و دایبگریت.

http://www.all4kurds.net/....article&sid=116

ئەو Norton WinDoctor ـەی کە لە بەستەری سەرەوەیە بۆ دامەزراندن نابێ، تەنیا بۆ کردنەوەیە وەک پرۆگرامێکی دانەمەزراو لە نێو کۆمپیوتەردا. جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە وەشانە دامەزراوەکە توانای گەڕاندنەوەی گۆڕانکاریەکانی هەیە، بەڵام ئەوی دی ئەو تایبەتمەندیەی نیە. (هەرچەندە کە شتێکی زۆر گرنگیش نیە). بۆ ئەوەی وەک پرۆگرامێکی هەمیشەیی و دامەزراو بەکاری بێنی باشتر وایە لە ڕێی Norton System Works ـەوە دایبگریت.

بەستەرەکانی داگرتنی Norton System Works بە دەگمەن کاردەکەن، بەهۆی گەورەیی قەبارەی پرۆگرامەکە.

باشتر وایە کە لەڕێی پرۆگرامی Torrent ـەوە دایبگریت.

پاش کردنەوەی پرۆگرامەکە بەم شێوەیە دەبێت.




1> هەڵبژاردنی پرۆگرامەکە بۆ چۆنیەتی گەڕان بە دوای هەڵەکاندا. (پێم باشە وابێت).

2> یان خۆت هەڵیبژێری کە چۆن گەڕانەکە جێبەجێ ببیت و تاقیکاری لەسەر چ بەشێک بکرێت.

3> بینینی ئەو هەڵە چاککراوانەی کە پێشتر جێبەجێ کراون و گەڕاندنەوەیان. (ئەم تایبەتمەندیە لە کاتێکدا پێویستە کە

گۆرانکاریەکت کردبێت لەم پرۆگرامەدا و پاشان کێشەیەکی بۆ دروسی کردبی لە نێو کۆمپیوتەرەکەت).
یەکەم هەڵبژێرە و پاشان Next کرتە بکە.




وەک لە وێنەی سەرەوە روونە گەڕان بە دوای هەڵەکان دەست پێدەکات.
5> ئەو بەشانەی کە گەڕانەکە دەیانگرێتەوە.
6> وازلێهێنان.
کاتێ گەڕانەکە کۆتایی پێهات بەم شێوەیە دەبێت.



Next کرته بکه بۆ بەردەوامبوون.




هەندێک زانیاری سەبارەت بە ئەنجامی گەڕانەکە.
8> ئەڵێ کە 8 هەڵە لە دووهاوپۆلدا دۆزراوەتەوە.
بۆ بینینی هەڵەکان و زانیاری دەربارەیان Finish کرته بکه.



10> هەڵەکان لەگەڵ دێڕێک زانیاری دەربارەیان، بۆ بینینی زانیاری زۆرتر Details-11 کرتە بکە.
بۆ چاککردنەوەی هەموو هەڵەکان Repair All کرتە بکە/ 12.
پەیامێکی زانیاریت بۆ دێتە پێشەوە،




کە دەڵێ، Repair All هەموو هەڵەکان چاک دەکاتەوە بە چاکترین چارەسەر. Yes کرتە بکە.
پاشان هەڵەکان چاک دەکاتەوە. هیوادارام کۆمپیوتەرەکەت زۆر هەڵەی نەبێ :).
کۆتایی.

Oct 2005 13

**Tighten Sagging Skin**
30 Minute Face Lift! No Wrinkles Or Slack Skin. Retain Youthful Skin

**Chin Bar**
Your One-Stop Body Jewellery Shop. 100% Safe Shopping. Buy Online Now!

Ads by Google